# نەخۆشییەکانی پرۆستات

دوکتور کامران ئەمین ئاوا




کەم کەس هەیە کە گومانی لە گرنگی پێوەندی جینسی لە ژیانی ژن و مێردایەتیدا هەبێت . بەڵام بەداخەوە ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە گرنگی و نەخشی ئەندامە جینسیەکان و نەخۆشییەکانیان ئاگاداریان هەبێت زۆر کەمن. کە لە ڕاستیدا تاکاتێک نیشانەکانی ئەو جۆرە نەخۆشیانە نەگەیشتونەتە ئەوپەڕی قەیران، ناچنە لای پزیشک، لەوەی کە مەجبور بن جێگای شەرمیان!ـ پیشان نامەحرەمێک بدەن ، نیگەرانن. جاری وا هەیە کە ئەو حەیا و شەرمە ـ بەتایبەت لە تەمەنی ناوەنجیدا ـ دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ تووشی گیر و گرفت و تەنانەت مەترسی گەورە و چارەنووسسازی نەگەڕاوە بێت. یەکێک لە ئەندامە گرنگەکانی جینسی پیاو، کە جاری وا هەیە بەناوی دڵی دووهەمی پیاو ناو دەبرێت، پرۆستاتە. بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی جیهانی لەشساغی ، هەتا ١٠٪ ـ لە سەدا دەی ـ پیاوان لە تەمەنی سەرووی پەنجا ساڵیدا، تووشی نەخۆشی پرۆستات دەبن. وەرەمی پرۆستات نەخۆشی هەرە باوی ئەندامی میز و جینسی پیاوە. بەشێوەیەکی بەربڵاو لە تەمەنی ٣٠ تا ٤٠ ساڵی پیاواندا، کە تەمەنی پڕ کاری جینسییە، دەبینرێت. ئەم نەخۆشییە لە تەمەنی دواتریشدا، واتە پیاوانی بە تەمەنتر و پاش ٥٥ ساڵیدا بینراوە . لە ئەمریکا ساڵانە نێزیکەی یەک میلیۆن کەس، بە هۆی وەرەمی پرۆستات دەچنە کن پزیشک. بە پێی ئامار پەنجا لە سەدی پیاوان، هیچ نەبێت جارێک لە ژیانیاندا، بەو هۆیەوە جارێک چونەتە لای پزیشک. ئەم نەخۆشییە لە هەموو جیهاندا هەیە. بەڵام لەو ناوچانەی کە ساردن و شێی هەوا لە سەرێیە زیاترە هەتا ناوچە گەرم و وشکەکان. گەورەبوونی پرۆستات (شێرپەنجە=سەرەتان)، کە نەخۆشی هەرەباوە، لە پیاوانی زیاتر لە ٥٠ ساڵیدایە. هەشتا لە سەدی پیاوانی زیاتر لە هەشتا ساڵی لە ئەمریکادا، تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن . ئەم نەخۆشییە و نەخۆشی شێرپەنجەی پرۆستات، لە پیاوانی ئاسیادا زۆر کەمترە تا پیاوانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی. لێکۆڵینەوەکان پیشانیانداوە کە خواردنی (سۆیا)، گیایەکە وەکو لۆبیا و درێژ و باریکە، زیاتر لە وڵاتی چین دەخورێت، دەتوانێت هۆی ئەم کارە بێت. (واتا بەرگرتن لە شێرپەنجەی پرۆستات). ئەگەری شێرپەنجەی پرۆستات لە پیاوانی زیاتر لە ٥٠ ساڵیدا، ١٤ بۆ ٤٦ ی سەدییەـ پرۆتسێنتە . لە ئەمریکادا شێرپەنجەی پرۆستات دووهەمین پلە و لە ئینگلستاندا پێنجهەمین پلەی لە ناو شێرپەنجەکانی دیدا هەیە. ئەم شێرپەنجەیە لە پیاوانی کەمتر لە ٤٠ ساڵاندا زۆر بە دەگمەن دەبینرێت. لە ئەڵماندا ساڵانە دە هەزار کەس، بەهۆی شێرپەنجەی پرۆستاتەوە دەمرن. بۆ ناسین و چارەی نەخۆشییەکانی پرۆستات، کۆنترۆڵی پرۆستات پاش ٤٠ ساڵی

پێویستە . بەداخەوە لە زۆر وڵات و تەنانەت لە ئەوروپایشدا ، پیاوان زۆر ئارەزوومەندی ئەو جۆرە کۆنترۆڵانە نین . بۆ وێنە ، لە وڵاتێکی وەکو ئەڵماندا تەنیا ١٧٪ ەی پیاوان ساڵانە بۆ کۆنترۆڵی پرۆستات دەچنە کن پزیشک. لێرەدا تێدەکۆشین کە بە کورتی باس لە پرۆستات و نەخۆشییەکانی بکەین. تا پیاوان زۆرتر لە سلامەتی خۆیان ئاگادار ببنەوە. پرۆستات غودەیەکی ١٠ تا ٢٥ گرامیە کە لە شێوەی بەڕو، یانیش بە قسەی پسپۆران ، وەکو دڵ وایە. ئەو غودەیە سێ سانتیمێتر درێژ و ٤یش پانە، دوو سانتیم و نیویش ئەستووریەکەیەتی. لە پشتی ئاوەڕۆی میزدایە، میز لە میزەڵدان دەباتە دەرێ. وەرەمی پرۆستات، کە بە هۆی میکرۆبی ئاوەڕۆی میز یان ڕیخۆڵەکانەوە دێتە پێش. ڤیرۆس و ـ کارگەکان! ـ و ئەو میکرۆبانەیشی کە بە هۆی نێزیکایەتی (لە سێکس ) جینسیەوە پەیدا دەبن، دەتوانن ببنە وەرەمی پرۆستات . هۆیەکی دی ئەو نەخۆشییە، تێکچوونی توانای هاوئاهەنگی کارای جنسی پیاوە. (تەواونەبوونی کارای جنسی ـ سێکس ـ ، کارای لە ڕادەبەدەری سێکسی، یانیش هەبوونی پاشماوەـ وراسی!! ـ ). هەندێک لە پسپۆران زۆر خواردنەوەی کحول، جگەرەکێشان ، یانیش خەم و نیگەرانی لە ساتی نێزیکی سێکسیدا بە هۆی نەخۆشی پرۆستات دەزانن. نەخۆشییەکانی ئاوەڕۆی میز، واتە تەنگی یان برینداری ، یانیش جێگای برینی پاش چاکبوونەوە، کەمبوونی هۆرمۆنی پیاوانە، زیادبوونی هۆرمۆنی ژنانە لە پیاواندا، مایسیر ـ بەواسیر ـ، وەرەمی ڕیخۆڵە گەورە و یانیش دانانی ـ کاتێتەرـ ( لە ڕەگی خوێنبەردا بۆ دڵ!)، بە هۆی گەورەبوون و یان وەرەمی پرۆستات دەزانن .

بە پێی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە هۆی وەرەمی پرۆستات، ئەو نەخۆشییە بە سێ دەستە دابەش دەکرێت:

١ـ وەرەم بە هۆی میکرۆبەوە؛ لە ناکاو دەست پێدەکات و زیاتر لە پیاوانی گەنجدا دەبینرێت . نیشانەکانی ئەمانەن:

تا و لەرز، بێحاڵی و ئێش لە جومگەکاندا، پشت ئێشە، زوو زوو میز کردن ( نەخۆش هەست بە میزهاتن دەکات، بەڵام میزێکی کەم دەکات ). ئێشی کۆم . ئێش لە کاتی میزکردندا، یان لە کاتی تەواوبونی ـ پەڕین ـ سێکسدا. چارەسەرەکەی ـ ئەنتی بیۆتیک ـ ە، ئەویش بۆ ماوەی ٧ هەتا ١٤ ڕۆژ.

٢ـ وەرەمی درێژخایەنی پرۆستات بە هۆی میکرۆبەوە ؛ نەخۆشییەکە وورده وورده دەست پێدەکات و ماوەیەکی درێژتر دەخایەنێت. نیشانەکانی ئەمانەن: سەرهەڵدانی نەخۆشییەکانی پەیتا پەیتای دەستگای میز و جنسی ـ سێکسی ـ، ئێشی کۆم، ئێشی ناوچە جنسیەکان، بوونی خوێن لە ئاو هاتنەوەدا لە ئاوی پیاودا. دەرمانەکەی ئەنتی بیۆتیکە و بە ماوەی نێزیکەی ١٦ هەفتە.

٣ـ وەرەمی غەیرە میکرۆبی درێژخایەنی پرۆستات لە جۆرەکانی تر باو ترە . هۆکەی هێشتاکە نەناسراوە . لەبەراوورد لە تەک جۆرەکانی تردا ، هەشت جار پتر دەبینرێت.

نیشانەکانیشی ، هەروەکو وەرەمی درێژخایەنی میکرۆبی وایە. بەو جیاوازیەوەی کە نەخۆشی پەیتاپەیتای میکرۆبی دەستگای سێکسی و میز، نایەتە پێش . چارەسەرەکەی دەرمانی دژی وەرەمی (غەیرە کورتونی)یە. بەو کەسانەی تووشی ئەم نەخۆشییە بوون پێشنیار دەکرێت، ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکەن:

١ـ دانیشتن لە ئاوی گەرمدا.

٢ـ کردنی جینس ـ سێکس ـ بە پێی نەزم.

٣ـ وەرزشی سووک.

٤ـ نەخواردنی خواردەمەنی تیژ و پڕ لە کۆفائین.
٥ـ نەخواردنەوەی کحول.
گەورەبوونی ـ نەشێرپەنجەیی، پڕۆستات: بە گەورەبوونی نەشێرپەنجەیی پڕۆستات دەوترێت؛ هیپرپلازی Hyperplasie، کە زیاتر لە پیاوانی پاش پەنجا ساڵیدا دەبینرێت. بەڵام لە تەمەنی ٣٠ ساڵەیشدا بینراوە. گۆڕدرانی پڕۆستات لە چل ساڵیدا دەست پێدەکات. لە زۆربەی پیاوانیشدا ، لە تەمەنی ٧٠ ساڵیدا پڕۆستات گەورە دەبێت. چۆنێتی ئەو گۆڕانکاریەش کە پێدەچێت بەهۆی چوونە سەرێی تەمەن و هەروەها هۆڕمۆنی پیاوانەوە بێت، کە بەداخەوە ناتوانرێت بەری پێبگیرێت. ئەگەر گەورەبوونی پڕۆستات نەبێتە هۆی تەنگ بوونەوەی ئاوەڕۆی میز و مانەوەی میز لە میزەڵداندا، ئەوا پێویست بە دەرمان یان نەشتەرگەری ناکات.
نیشانەکانی هیپرپلازی پڕۆستات: ١ـ درەنگی لە دەستپێکی میزدا.
٢ـ زۆر بۆ خۆهێنان تا میز بێتە دەرێ.
٣ـ مانەوەی میز لە میزەڵداندا.
٤ـ زوو زوو میز کردن و هەست بە پڕ بوونی میزەڵدان !.
٤ـ کەمبوونەوەی فشار و پچڕ پچڕ میزکردن.
٥ـ شەو هەستان بۆ میز.
٦ـ بوونی خوێن لە میزدا، یانیش سووتانەوە لە کاتی میزکردندا. ئەگەریش نەخۆشی میکرۆبی پەیدا بووبێت. دەرمان : بە پێی نیشانەکانی نەخۆشی و تەمەنی نەخۆشەکە، دەتوانرێت لە ژێر چاودێریدا بێت. دەرمان و نەشتەرگەری جیاواز پێویست بێت.
شێرپەنجەی پڕۆستات: ئەم شێرپەنجەیە دووەمین شێرپەنجەی باو و دووەمین هۆی مردنی پیاوانە لە ئەمریکادا . شێرپەنجەی پڕۆستات پەنجا لە سەدی پیاوانی پتر لە ٧٠ ساڵ و لە نێزیکەی تەواوی پیاوانی ٩٠ ساڵیدا دەبینرێت. هۆی ئەم شێرپەنجەیەش هێشتاکە نەناسراوە.
لێکۆڵینەوەکان پیشانیانداوە، لەو پیاوانەدا زۆرترە کە گروپی خوێنی «O»یان هەیە. بەڵام لەناو ژاپۆنیەکاندا کەمتر دەبینرێت. بەڵام ڕەشپێستان پتر لە سپیپێستان دووچاری دەبن. هەندێک لە لێکۆڵەرەوەکان ، پەیوەندی خواردنی ڕۆنی ئاژەڵ و شێرپەنجەی پڕۆستاتیان پیشانداوە. خواردنی ڤیتامین A بواری تووشبوونی شێرپەنجەی پڕۆستات کەمتر دەکاتەوە، (ئەگەرچی ڕۆنی ئاژەڵ پڕە لە ڤیتامین A). چوونە سەرێی هۆڕمۆنی پیاوانە (تێستۆستیرۆن)، یەکێکە لە هۆکارەکانی شێرپەنجەی پڕۆستات.
نیشانەکانی نەخۆش : لە دەستپێکدا چونکەی لوو = تومۆر- ی نەخۆشییەکە بە هێواشی گەورە دەبێت ، هیچ نیشانەیەک نابینرێت. لە گەورەبوونی ( لوو= تومۆر ) دا، نیشانەکانی وەکو؛ گەورەبوونی پڕۆستات ( کە باسیان لێوە کرا)، دەبینرێت. ئەوجا زۆرتر هەست بە ئێشی ماسولکەکانی (گون!). بۆ کۆنترۆڵکردنی پڕۆستات، بەتایبەت پاش تەمەنی چل ساڵی ، دەتوانێت لە ناسینی ئەو نەخۆشییەدا نەخشی بەرچاو بگێڕێت . ئەندازەگرتنی ماددەیەک لە خوێندا بەناوی PSA کە تایبەتە بە شێرپەنجەی پڕۆستات، بە تایبەت لە کەسانێکدا کە ئەو شێرپەنجەیە لە بنەماڵەکەیاندا بووە، لە ناسینی ئەو شێرپەنجەیەدا نەخشی هەیە .
دەرمان: بە تیشکەوێنە = ڕونتگن، بە هۆڕمۆن و یاخود نەشتەرگەری کە بە پێی تەمەن و قۆناغی ئەو شێرپەنجەیە بەکار دەهێنرێت. ●●●●
تێبینی: ئەم نووسراوەیە لە گۆواری هاوار ژمارەی 17 ساڵی 2005یش چاپ کراوە.